


سەفەر سەلامەت کچەکەم

بەر لە سەفەر

هەموو کاڵبوونەوەکانت بە من بە خشە

هەناری هەموو برکێکت ،

بەسەر چڵی دڵمەوە کە

تادێتەوە

بە چاوی تۆ

بە ئاوی چاو ،

ئاوی گوڵەکانت دەدەم !

تادێیتەوە بە چاوی تۆ

بە فڕینی کۆتری دڵ

نازی پەروانەکانت هەڵدەگرم !

تادێیتەوە تاقانەکەم
لە دووتوێی کتێبەکانتا دادەنیشم
لە شینایی  بەیت و شیعرا
من کەروێشکی جوانییەکانت
خەپانە خەپانە دەکەم
هە تا دێیتەوە کچەکەم
بە چاوی تۆ
لەسەر شەختەی بێ ئۆقرەیی
چامەیەک لەڕەنگی بەفر هەڵدەشێلم
فرسەت دێنم
یەکە یەکە
عەترەکانت خاڵی دەکەم
فرسەت دێنم
بە قەڵەمێ
لە قەڵەمی ناو جەنتاکەت
شووشەی
پەنجەرەکەم
بە ناوی خۆت خەڵتان دەکەم !
سەفەر سەلامەت کچەکەم
بەرلەسەفەر
پڕم کە لە ناساغی خۆت
بە باخەوانی ئازار و تەنیایم کە

هۆ تاقانە
کانی چاوم
قەزاوەگێڕی فرمێسک و
باخی ئاهم
قەزاوەگێڕی دڵت بێ !
هۆ تاقانە
قەزای دەشتی پەڕاوێکت
لەوڵاتی سەری سپیم کەوێ
قەزای نمەی
هەناسەیەکی شیرینت
لە خوڕەمی
دوکەڵاوی هەناسەی من کەوێ
هۆ تاقانە
هەناری دڵە مزرەکەی باوکت
بە میوانی هەرمێلەکەی دڵی تۆ بێ !
هەموو دەشتە
سەوزەکانی پێکەنینیم
بە میوانی
چنگێ لۆکەی
بزەی تۆ بێ !
سەفەرسەلامەت کچەکەم
تادێیتەوە

له دووتویی کتێبەکانتا دادەنیشم
چامەیەک لە ڕەنگی بەفر هەڵدەشێلم
بەوەی مەگرە هۆ تاقانە
چۆلەکە باوکانەیەکی دوورم
من هەمیشە پایزێکم
لە ڕەنگی گەڵاکانی تۆ
بەهارێکم لە جوانـاوی تەنیایی تۆ
بەوەی مەگرە هۆ تاقانە
ئەمێستا من بازی دوورم
وەلێ ژووان
کازیوان لە شانی گوڵەکانت
سەرنجێک بە
عاشقترین پەروانەی ناو گوڵەکانت
مەحزوونترین پەروانەی ناو گوڵەکانت
پەروانەی دڵمە سەرنج بە !
یان هەینیان تاقانەکەم
کە دەچیتە
سەر مەزاری (نیگا)ی هاوڕێ و
بناوچەکەی کۆستی تازە
تەواشای ڕەشتاڵەترین
چۆلەکەی سەر ئەرخەوان کە
لە مەحزوونترین چۆلەکە ووردبەرەوە

چۆلەکەکانی چاوانی باوکت
کچەکەم زوو ئاشنا دەبن !
بەوەی مەگرە ئەمێستا کە
کە من دوورم
ئەوە منم
لە ڕاگووزەری مەکتەبتا
وەک سێبەرێ ، لڤێکس و کتێبەکانت
بۆ هەڵدەگرم !
ئەوە منم
بە پاڵ عەتری
نیرگزێکی عەیارەوە
بە عەتری دڵ
ئاوڕشێنی باڵات دەکەم !
ئەوە منم ، بەپاڵ ئەوینی خاک و
سێبەری گۆمە شینەوە
سروودەکانی تەمەنت لەبەر دەکەم
ئەوە منم ، ئەوە منم
تاقانەکەم ئەوە منم !!

بەهاری 2005/ئەڵمانیا